کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-12-2007 0:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری

**سارا محەمەد وەک قارەمانی سوید بۆ ساڵی 2007 هەڵبژێردرا.**



سارا محەمەد بەرپرسی ڕێکخراوی (هەرگیز پیلا و فادیمە لەیادمەکەن) لەلایەن ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت، کەناڵی تەلەفیزیونی سێی سوید TV3، بەشی کۆمپانیایی بەرهەمهێنانی تەلەفیزیونی OTW، وەك قارەمانی سوید هەڵبژێردرا.

- سارا محەمەد دەڵێت، بێئەندازە شانازی دەکەم و سوپاسگوزارم بۆ ئەو خەڵاتەی وەرمگرتووە.

لە پایزی ئیمساڵدا، دەستەی داوەری ڕەسمی، کە پێکهاتبوو لە کەسانی وەك یاریدەدەری سەرۆك وەزیران ماود ئۆلۆفسۆن، ئاسمانناس کریستەر فوگلسانگ، لەگەڵ چەند کەسێکی تر بە سەرپەرشتی مارك لێڤێنگود، هەستان بە هەڵبژاردنی دە کەس لە نێوان چەند هەزار کاندیدکراودا.

- سارا محەمەد دەڵێت، کە ئەم خەڵاتە، بە خەڵاتی تەنیا خۆم نازانم. من لە تێکۆشاندا تەنها نیيم، تێکۆشانی من بێسەرئەنجام دەبوو ئەگەر لە ڕیزی بزووتنەوەیەکدا نەبوومایە، کە لە کەسانی لێهاتوو و پڕ شوروشەوق پێکهاتووە. هەروەها بایەخ پەیداکردنی ئەم کێشە لە نێو ئەم کۆمەڵگایەدا، مایەی زەمینە سازییەکی لەبار بوو بۆ خەباتی یەکگرتوومان.

ڕۆژی شانزەی کانوونی یەکەم، لە نێوان کاتژمێری بیست بۆ بیست و دوو لە TV3وە ڕاستەوخۆ بەرنامەی ئەم بۆنەیە پەخشدەکرێتەوە. لەم بەرنامەیەدا سارا محەمەد لەگەڵ نۆ براوەکەی تردا خەڵاتی پەیکەری "قارەمانی سوید" وەردەگرن.

هەتا لە ڕۆژی دوانزەی کانوونی یەکەمدا، لە کاتژمێری حەوتی نیوی ئێوارەدا، بەرنامەیەك پەخشدەکرێتەوە لەسەر هەوڵ و کۆششی سارا محەمەد لە کۆمەڵگای سویددا، هەروەها لەسەر ئەو کوڕ و کچە مافخوراوانەی کە لەلایەن سارا محەمەدەوە دەستی یارمەتیان بۆ درێژکراوە.

- ئەم خەڵاتە پێشکەشدەکەم بەو کەسانەی کە هێشتا لە پەیوەند بەم کێشەیەوە لەژێر هەڕەشە و توندوتیژیدان. زۆر سوپاس هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە لە سوید و دەرەوەی سوید، دەنگیان پێدام.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:**

سارا محەمەدەوە. ژمارەی تەلەفون: 0046-70441 10 75
www.pelafadime.se
www.svenskahjaltar.se

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.